# جوانترین یول کلاپی پارتی بۆرۆشنبیرانی کوردستان!!

قادر نادر

هەموو سالێک کریستانەکان جیهان لە24 بۆ 26 ـ 12بۆنەیەکیان هەیە پێی دەلێن (یول) , هەموو هاوولاتیەک دیاری بۆ بنەمالە یان خۆشەویستەکەی و هاورێکانی دەکرێت ,جا هەر لە یارییەکی مندالانەوە تا کرینی ئۆتۆمۆبیلێک دەگرێتەوە ............, ئەم جەژنە بەرادەیەک کاریگەری هەیە , زۆر پەناهەندەی موسلمانیش ناتوانێت لەم رۆژانەدا دیاری بۆمنالەکانی نەکرێت .

دوێنێ لە بریارێکی بەناو دادگای شاری هەولێر , 30 سال زیندانی بۆ د کەمالی سەید قادر راگەیەنرا , هۆکاری ئەم سزادانەش لە سەر 2 بابەتی نوسینی و بلاوکردنەوەی لە هەندێ مالپەری کوردیدا بوو.

هەر بۆیەش ئەم بریارە هەموو ئەو نووسەرانەی تائێستا ویژدان و ئەخلاقی سیاسییان هەیە تووشی راچلەکێن کرد ,ئەوەی نیشاندا کە دادگاکانی هەولێر چەندە پاشکۆی پارتی دەسەلاتە , زەنگی دیکتاتۆریەتیش چەندە بەهێزە لەکوردستان , پارتیش ئەم بریارەی وەک جوانترین یول کلاپ پێشکەش بە سیمای دیموکراسیەت کر د! کە دەبوایە پارتی وەک هێزێکی دیموکراسی رێزی ئەو دەیان و سەدان رۆشنبیرەی بگرتایە , کە داوای دادگایەکی دادپەروەرییان بۆ د کەمال دەکرد , بەلام پارتی لە دادگایەکی گالتەجاری و سزادانێکی قورس رێزی رۆشنبیران و سەروەری یاساو ئەو سەدان هەزار دەنگدەرە کوردەی نەگرت کە دەنگیان دووروژ لەمەوبەر پێیدا.!

ئەو فشارە زۆرەی رۆشنبیران بەگشتی , کوردی هەندەران بەتایبەتی ئەنجامیان دا , نیگەرانییەکانی زیاتر لە مامەلەکردنی بریا ربەدەستانی کورد لە گەل دیموکراسی سەروەری یاساوە سەرچاوەی دەگرت نەوەک داکۆکی سەرەکیەکە لەنووسینەکانی د کەمال بێت, واتە هەر ناوێکی ترو ئەو شێوازە مامەلە کردنەی لە گەلدا بکرابایا , هەمان نیگەرانی دەردەبردرا بەرامبەری , هەر ئەم هۆکارەش بوو وایکرد ئەوە 58 رۆژە لە پالتالک رۆژانە 24 کاتژمێر ژووری کوردستان یونایتید زۆرترین خەلکی لێ کۆببێتەوە و گەورەترین کەمپینی پێ رێکبخرێت بۆ ئازاد کردنی د کەمال , مالپەرە کوردیەکانیش لە 2 مانگی رابردوودا هەموو رۆژ چەندین بابەتی رۆشنبیری بلاو دەکەنەوە, کە لە سەرجەمی نیگەران بوونی دەردەبردرا بەرامبەر تاریکی سیستەمی دەسەلات لە کوردستاندا .

ئەم بریارە جگە لەوەی گەورەترین سوکایەتییە بە یاسا و دیموکراسیەت و رێزنەگرتن لە مافی مرۆڤ و قوربانییەکانی کورد ,لە بەرامبەر ئەمانەشدا چەند خالێکمان پێ نیشان دەدات وەک :

1ـ هەلچوون و لە دەست دانی سەنگی عەقلی بریارو تۆلە سەندنەوە لەلایەن بریار بەدەستای پارتی لە د کەمال و هەموو ئەو دەنگانەی رەخنەیان لێ ی گرت .

2ـزەنگێکی زۆر مەترسیدار بە هەموو خەلکی کوردستان راگەیەنرا کە سوکایەتی ورەخنە لەتاکی دەسەلات زۆر مەترسیدارترە لەسوکایەتی بە میللەت ,ئەگەر نا با پارتی تەنیا 2 ناوی ئەنفالچیمان پێ بلێت لەدادگاکانی کوردستان تەنیا 2سال زیندانی بۆ برابێتەوە .

3ـکێشەی گەلی کوردستان و ئەزموونە سیاسیەسیەکەی بەر لە پێراگەیشتن ودامەزراندنی دەولەتی نەتەوایەتی ,رووبەرووی گەورەترین رەخنەی ئەو رێکخراوانە بۆتەوەو زیاتر دەبێت وەک (ئەمنستی و پێن کلۆب و مافی مرۆڤ و نێوەندە سیاسیەکانی جیهانی) کە هەر یەکێک لەمانە کاریگەری خۆی هەیە لەسەر ناشیرنکردنی ولات, سیستەم, حزب, ئاخر زۆر سەیرە هەردوو رێکخراوی پێن کلاپ و ئەمنستی کە ولاتێکی وەک ئەمریکا ترسی هەیە لێیان ,وەک ئەو رەخنانەی ئەمنستی لە ئەمەریکای گرت لەسەر جێ بەجێ

نەکردنی مافەکانی مرۆڤ بۆ زیندانیانی تیرۆریستی القاعده لە گوانتانامۆ ,ئەوە بوو ئەمەریکا هەندێ گۆرانی لە بارودۆخی زیندانیان کرد! ئەی پارتی بەچ پشت ئەستووره بێباکانه وا مامەلەیان لە گەل دەکات ؟

.

پرسیارێکی تریش ئەوەیە دەبێت تاوانی د کەمال گەورەتر بێت لەتاوانی ئەنفالچییەکان ,فایلداران ,قارەمانانی شەری ناوەخۆ و دزە گەورەکانی بەرۆژی رووناک داهاتی ئەم میللەتە دەدزن , لە هەموو ئەو تاوانە گەورانە لە 15 سالی رابردوو بۆ یەک کاتژمێریش تاوانبارێک نەبۆتە میوانی دادگا؟

ئەگەر پارتی دەیەوێت بە پەروەندی د کەمال وەک بروسکەیەکی ترس پێمان رابگەیەنێت ئەوەی رەخنە بگرێت چارەنوسی هەمان چارەنووسی د کەمالە , ئەوا دەبێت سەیری ئەوەبکات ئایا خەلک بەو شێوازە گرتنەی د کەمال ترساون یان ئەو دیواری تر سەیان شکاند لە بەرامبەر پارتی کە 50 سالە رووبەرووی وا رەخنەی فراوان لەسەر زیندانیکردنی تاکی کورد نەبۆتەوە !؟ وە خودی پارتیش جگە لەوەی تووشی تێک شکانێکی سیاسی بووە و نموونەیەکی زۆر ناشیرنی دیموکراسیشی لەکوردستان بە هەموو جیهان نیشاندا.

هەموو تاکێکی کورد رۆژانە لە هەندەران نموونەی جوانی دیموکراسی و رێز گرتن لەمافی مرۆڤ دەبینین, کەناتوانین هەزمی ئەو شێوە دادگایانە بکەین و رامان نەچلەکێنێت کە کوردستان بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار مل دەنێت, هەر بۆ نموونە کاتێک وەزیری دەرەوەی سوید ئانالیند بەدەستی گەنجێکی سربی لە نێو جەرگەی شاری ستۆکهۆلم شەهید کرا, هەموو مالێکی سوید ماتەمی بۆ راگەیاند ,کەچی لە دادگادا پارێزەرەکەی توانی هەندێ بەلگەنامەی ناتەواوی بارودۆخی کەسێتی بکوژەکە نیشان بدات , ئەوە بوو دادگا بریاریدا ئەو گەنجە سربییە بەرەو خەستەخانە ببردرێت.

من دلنیام چۆن شێوازی گرتنەکەی د کەمال راچلەکینێ لەنێو رۆشنبیران و کوردی هەندەران و رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانی جیهان دروست کرد , ئەو شێوازی دادگاییەو سزادانە زۆر زیاتر کاریگەری خراپی لەسەر خودی پارتی و کێشەی گەلەکەمان دەبێت ,بەلایەنی کەم لەنێوەندە سیاسیەکان و رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانی جیهان چونکە ئەو سزایەی بۆ د کەمال براوەتەوە هەمان ئەو سزایەیە کەمرۆڤێک مرۆڤێک بکوژێت بەپێی یاسا کانی رۆژهەلات , ئیتر چۆن رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەتوانێت هەزمی ئەوە بکات کەلەسەر 2 لاپەر0 3 سال زیندانی بۆ کەسێک ببردرێتەوە!؟

ئاخر نە پارت بە یەک رووداوو تێک شکانی بە دیار دەکەوێت نە جەماوەریش بەیەک قۆناغ نارەزایەتیەکانی یەکلا دەکاتەوە ,ئەو نارەزایەتیانەی چەند مانگی لەمەوبەریش لەزۆربەی شاروو شارۆچکەکانی کوردستان راستی ئەو ووتانەمان دەسەلمێنێت .

مێژوو ئەوەی سەلماند زەبرو زەنگ کاتیە و ناشیرن بوونی حزب و سەرکردەی لێ دەکەوێتەوە رێرەوی مێژووش لە دوا ئەنجام هەر یموکراسیەتە,چونکە زەبروزەنگ نەیتوانی تەمەنی دەسەلاتی هیتلەرو ناپلیۆن و سەدام درێژ بکات , چۆن دەتوانێت دەسەلاتی کوردی بە هەمان عەقل کێشەکان چارەسەر بکات .